گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە ( ٩) ساڵی ٢٠٠٢ بەشی B لاپەرە ( ١٢١ – ١٣٥ )

# ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕۆژنامە نووسیی و ڕۆشنبیریی کوردیی پەنجاکانی شاری هەولێرلە گۆڤاری ( هەتاو ) دا

د. هیمداد حوسێن بەکر
مامۆستا
کۆلێجی پەروەردە / بەشی کوردی / زانکۆی سەلاحەددین / هەولیر

## ناوەڕۆك

*پێشەکی*

١-١:- کورتەیەك لە باری سیاسی و ڕۆشنبیریی و فیکریی شاری هەولێر لە پە نجاکاندا

١-٢:- ناساندنی گۆڤاری ( هەتاو )

٢-٢ :- بابەتە ئەدەبی و رۆشەنبیرییەکان

أ-شیعری کوردی

ب- وتاری هەمە چەشنە

پ - ڕێنووس و زمانی کوردی

٢-٣ : - چمکێ لە هونەرەکانی رۆژنامەنووسی لە گۆڤاری ( هەتاو )دا

أ-هونەری هەواڵ

ب-هونەری ئاگاداری

پ – گۆشەی تایبەت

*ئە نجام*

*سەرچاوەکان*

*کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی*

*کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی*

*********

## *پێشەکی*

شارێکی کۆن و دێرینی وەکو هەولێر بێگومان دەبێ لە رۆشەنبیریشدا خاوەن ڕابردوویەکی زێڕین بێت و بە قەڵەمی نووسەرانی لا پەڕەکانی ئەدەب و روناکبیریی کوردیی ڕازاندبێتەوە . ڕۆشینبیریی پە نجاکانی ئەم شارە و هەوڵی تازەکردنەوەی ئەدەبی و کارکردن بۆ ڕۆژنامەنووسیی لە ئەرکە سەرەکیەکانی ڕوون کردنەوەی ئەم باسەن

سنووری لیکۆڵینەوەکە ،لە چوار چێوەی شاری هەولێر و دەوروبەریدایەو لە ڕووی کات و زەمەنیشەوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی پە نجاکان ، تا داخستنی گۆڤاری ( هەتاو ) لە ( ١٩٦٠ ) دا دەگرێتەوە .

گرفتی باسەکە بە پلەی یەکەم لەوەدا بوو ، دەستکەوتنی هەموو ژمارەکانی گۆڤاری ( هەتاو ) سانا نەبووە ، هەروا ئاسان نەبووە بتوانرێ لە باسێکی وا کورت دا دەرمقەتی ئەو هەموو ڕووداو و گۆڕانکارییە فیکری و ئەدەبییەی( دە ) ساڵان بێیت و ڕووی تەواوی ئەوماوە گرنگە پیشان بدەیت .

میتۆدی باسەکە ، ڕێبازی مێژوویی – وەسفی لەبەرگرتووە ، پێویستی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەش پەنا بردنە بۆ مێژووی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی سەردەمەکەو لە چوار چێوەی ئەوەدا بزووتنەوە ئەدەبییەکە ڕوون دەبێتەوە ، کە لە بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگ دەداتەوە و ڕۆژنامەنووسیی کورد ییش بێگومان پێوەندی بە سەربەستی و ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراسی دەستەلأتەوەیە .

ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە ، برێتییە لە پێشەکییەك و دوو فەسڵ ، فەسڵی یەکەم بریتیە لە ئاوەڕدانەوەیەکی مێژوویی لە باری سیاسی و فیکریی شاری هەولێر و ڕۆڵی ئەدیب و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە ڕووداوەکانی ئەوێ ڕۆژێ . فەسڵی دووەم ، سێ باسی بەخۆوە گرتووە ، باسی یەکەم ناساندنی گۆڤاری ( هەتاو ) ە ، لە باسی دووەمدا ، بابەتە ئەدەبییەکانی وەکو شیعری کوردی و وتارو ڕێنووس و زمانمان خستۆتە بەرباس .لە باسی سێیەمدا ، چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسیی گۆڤارەکەمان دەرخستووەو نموونەی پێویستمان بۆ هێناوەتەوە ، پاشان ئەنجام و سەرچاوەکان ریزبەند کراون ، بەهیوام تێیدا سەرکەوتووبم .

## کورتەیەك دەربارەی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و فیکریی شاری هەولێر لە پەنجاکاندا

بۆ ئەوەی باشتر لە باری ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی و سیاسیی شاری هەولێر تێبگەین ، دەبێ چاوێکی خێرا بە بارودۆخی سەرجەم عێراقدا بخشێنین . چونکە هەمان ئەو بارودۆخەش کەم و زۆر لە لیوای هەولێردا ڕەنگی داوەتەوە . دوابەدوای ڕاپەڕینی گەلانی عێراق لە ( ١٩٤٨ ) دا بارودۆخی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق دا ئارامی و سەقامگیرییەکی سیاسی ئەوتۆی بۆ خۆوە نەبینی ، بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز لە عێراقدا دارودەستەی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق پەشێوی و چەوساندنەوەیەکی زۆری ئابووری و کۆمەلایەتییان سەپاندبوو ، نەبوونی ئازادی فیکری ببووە خەسڵەتێکی حکومەت لە عێراقدا .

لە سەرەتای پەنجاکاندا و بەتایبەتی لە ساڵی ( ١٩٥٢ ) دا ، شان بە شانی هەموو شارەکانی دیکەی عێراق لە هەولێریش خەڵکی ڕژانە نێو جادەکان و پارتە سیاسیەکان شیوعی و پارتی ، دەوری دیاریان هەبوو لە ئاراستە کردنی خەڵکی بۆ هۆشیاری نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی فیکریی و ڕۆشنبیریی خەڵك بەرامبەر سیاسەتی چەواشەکاریی ئینگلیز لە عێراقدا ، بەتایبەتی لەو نارەزایی و خۆپیشاندانانەدا خەڵکی داوای ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و چاك کردنی باری گوزەران و هەڵبژاردنی ئازاد و پاك و بێگەردیان دەکرد.

لە ساڵی ( ١٩٥٣ ) دا لە شاری هەولێر جووتیارانی دەشتی دزەیی بەهۆی زوڵم و زۆرداری هەندێ لە ئاغاکان و بەهاندانی هەندێ کوڕە ئاغای بیرکراوەو شیوعی ڕاپەڕین ، خەڵکی هەولێریش دوای ئەوەی ، کە دامودەزگا حکومییەکان کەوتنە گرتن و بلاوە پێکردنی جووتیاران و لایەنگریی ئاغاکانیان کرد . خۆپێشاندانی گەورەیان سازکردو تیایدا ژمارەیەك لە ڕووناکبیرەکان لەو خۆپێشاندانانەدا گیران ، لەوانە : ( عەونی یوسف و علی فەتاح دزیی و زێوەر خەتاب و کەنعان خەتاب و جەلیل هوشیار و حوسین حەلاق و ڕەشید عبدالقادر و شێخەشەل و زۆری تر . )[1]

ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی دەشتی دزەیی داوای چاك کردنی باری ژیان و گوزەرانی خۆیان و سکاڵایان دەکرد ، ، بەلام ئەو نارەزاییەیان سەری نەگرت و ( حکومەتی جمیل المدفعی لە ( ٢٩ ) ی کانوونی دووەمی ( ١٩٥٣ ) دا ، بەهێز ڕووبەڕوویان بۆوە . )[2]

بارودۆخی فیکریی و سیاسیی ئەو ڕۆژەی هەولێر . برێتی بوو لە ململانێی فیکریی نێوان ڕۆشنبیرەکانی شیوعی و پارتی بەهۆی سەرکەوتنی یەکیەتی سۆڤیەت بەسەر ئەلمانیای نازی ، لە دووەمین جەنگی گێتی دا و بلاو بونەوەی دروشمەکانی بیری سۆسیالیستی ، کەش و هەوایەکی وای دروست کردبوو ، کە لایەنگرانی شیوعیەت باوەڕی زۆر پتەویان بەو حیزبە بێت ، هەر لەو بارودۆخەدا و لەسەرەتای پەنجاکاندا عەونی یوسف و عومەر مستەفا ( دەبابە ) و جەلال تاڵەبانی و عەبدوڵلا ئیسماعیل و وریا کانی مارانی و لەتیف بەرزنجی و نەژاد عەبدوڵلا عەزیز .. هتد بەدزی و نهێنییەوە خەریکی کاری حیزبایەتی بوون بۆ شانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان . لەولایشەوە چەندین ڕۆشنبیری وەکو عزیز محمد و مەلا شریف و جەمال حەیدەری و عاصم حەیدەری و عەلی فەتاح دزەیی و زێوەر خەتاب و شێخەشەل ( خاوەنی کتێبخانەی هەولێر ) و چەندانی دی ، سەر بەبەرەی چەپ و شیوعی بوون . [3] لەو نێوانەشدا هەندێ ڕۆشنبیری کورد بێ لایەن و دوور لە حزبایەتی بە تەنیا خەریکی کاری ئەدەبی بوون ، لەوانە : مارف خەزنەدار و جاهید و کانی و پیربال مەحموود...

لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە سەرەتای پە نجاکاندا هەولێر یەکێك بوو لەسەنتەرەکانی بزووتنەوەی رۆشنبیریی لە کوردستاندا و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ( هەولێر – اربیل ) لە ساڵانی ( ١٩٥٠ – ١٩٥٣ ) دا لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێرەوە ، گۆڕان و وەچەرخانێکی تازە بوو لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی و ئەدەبیاتی کوردیدا . ڕۆڵی دیارو بەرچاوی نووسەرانی وەکو : ( عیزەدین فەیزی و زەکی ئەحمەد هەناری و مارف خەزنەدار و علی چوکل بەریەو گیوی موکریانی و محەمەد عەلی کوردی و حوسێن ڕەشوانی ، لە ناساندنی مێژوو و ئەدەب و زمان و کەلەپووری کوردیدا ، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبییەوە ، دیارو بەرچاوە ) .

*لە یەکەمین ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەدا عیزەدین فەیزی نووسیویەتی* ( ئەم هەولێرە قەدیمە ،کە میللەتێکی دڵپاك و چاکی تێدایە ، لە مێژە لە خوێندنەوەی ناوخۆی و زوبانی خۆی مەحرومە . جا ئەی هاوولاتیەکانی خۆم ، مەعلومە لاتان کە زۆرترین شارە گەورە و بچووکەکانی عێراق ، ڕۆژنامە ی خۆیان لە ناو خۆیاندا بلاو ئە کرێتەوە و ئەخوێنرێتەوە ...ئەمە یەکەمین ڕۆژە لە هەولێر روناکی ڕۆژنامە بلاو ئەبێتەوە و دڵی مامۆستایان و تێگەیشتووان گەش دەکاتەوە . ) (٤)

لە ناوەڕاستی مانگی مایسی ( ١٩٥٤ ) دا گۆڤاری ( هەتاو ) بڵاوبووەوە ، لەو کاتەدا کابینەی دووەمی ( ارشد العمری ) لە عێراق لەسەر کار بوو ، ئەو گۆڤارە بە هەوڵی ( گیوی موکریانی ) چاوی هەڵێنا ، لەو کاتەدا کە تەنیا چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی ( ژین ) لە سلێمانیەوە دەگەیشتە هەولێر ، دەنا ڕۆژنامەکانی دی هەمووی عەرەبی و هی عەرەبە چە پەکان و نەتەوەییەکانی عەرەب و عێراقییەکان بوون ، وەکو : الشعب والاحرار وام درمان . هتد

مۆڵەتی گۆڤاری ( هەتاو ) فەزڵەکەی هی ( سعید قزاز ) ، وەزیری ناوخۆ بوو ، کە ناوبراو کورد بووە و پاشان لە مۆڵەتی گۆڤاری ( هیوا ) یش لە ساڵی ( ١٩٥٧ ) دا بۆ یانەی سەرکەوتنی کوردان دەوری هەبوو. (٥)

لەگۆڤاری ( هەتاو ) دا بەبۆنەی گواستنەوەی موتەسەریفی هەولێر ( ئیسماعیل حەقی شاوەیس ) ەوە نووسراوە :

*( هەتاویش ، کە یادگاری دەوری مەعالی ئوستاد سەعیدبەگ قەزازی*

*وەزیری داخلیەی خۆمان و مامۆستائیسماعیلحەقی بەگی وێژە پەروەر ... ).* (٦)

هەر لەساڵی ( ١٩٥٤ ) دا، حکومەت بۆئەوەی بتوانێ بەرامبەر بەشاڵاوی ڕاگەیاندنی حیزبە نەیارەکان و ئۆپزسیۆنەکان بوەستێتەوە ،لە پاڵ چەندین بڕیاری دیکەدا، فەرمانی داخستنی ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەو گۆڤاری ناوەوەی وڵاتی دەرکرد، لەوانەی ڕۆژنامەی( أخبار اليوم ) وگۆڤارەکانی ( الوادی، الحساب، العمل ) پاشان ڕۆژنامەکانی ( أخبار المسا ،النهضة ،النضال ) بۆ ماوەی ساڵێك. (٧)

هەر لەو ساڵەدا ،لەهەولێرو شارۆچکەکانی دەوروبەریشدا، خۆپیشاندان لەدژی حکومەتی دوازدەهەمی( نوری سەعید )سازدراوە، بۆنموونە، لەشارۆچکەی شەقلاوەلە پێناوکردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی و چاك کردنی باری گوزەرانی خەڵکداو دواتریش لە ( ١٩٥٥ ) دا دیسان بەبۆنەی سەردانی ( نوری سەعید )ەوە بۆئەو شارۆچکەیە ولەدژی پەیمانیبەغدا خۆپیشاندان سازکراوە. (٨)

بەشداری عێراق لە( پەیماننامەی بەغدا ) دا، جارێکی دی عێراقی دەرەوەست بەسیاسەتی ئینگلیز کردەوە ،ساڵێك دواتر لە( ١٩٥٦ ) دا بەهۆی هێرشی سێلایەنە بۆسەر هێزە نیشتیمانی یەکان لەڕێگەی نا ڕەزایی و خۆپیشاندان وە لەعێراق بەگشتی و لەهەولێریش، ڕق وتووڕەیی خۆیان و هەڵوێستی دژبەحکومەتیان دەربڕی ، حکومەت ناچاربوولەکۆتاییدا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ و یارمەتی سەربازی بۆ میسر بنێرێ و لە پاڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ بڕیاری گرنگ دەربکا لەداخستن و ڕەت کردنەوەی مۆڵەتی هەموو ڕۆژنامەکان و داواکرا، کەنابێ لەحەوت زیاتر لەبەغدا دەربچێ . (٩)

ساڵی( ١٩٥٨ )، ساڵێکی گرنگە لەمێژووی هاوچەرخی عێراقدا، بەڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی سەرکەوتنی هێزو ئیرادەی گەل لە بەرامبەر ئیمپریالیزم دا گۆڕانکاری یەکی گەورە ڕوویدا . لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە چەندین دەستکەوتی گەورە لەبواریچاپەمەنی و ڕۆژنامە نووسیدا وەدەست هات، کە بەرهەمی ئازادیی بیرو بۆچوون و سیاسەتی ئەو سەردەمە بوون

.گۆڤارەکانی( شەفەق )و ڕۆژنامەکانی( برایەتی )و ( خەبات )، پاشتر ناوەندی ڕووناکبیری کوردستانیان بووژاندەوە ، بەڵام ئەو سەربەستی و ئازادییە لەدوای ساڵی( ١٩٦٠ ) ەوە، بەهۆی ناکۆکی کوردو حکومەتەوە، بەوەی، کەحکومەت لەهەڵوێستی خۆی پەشیمانبووەوە و بارودۆخ بەهۆی شۆڕشی ئەیلولەوە کەوتە گرژی و ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش لەکار کەوتن، گۆڤاری ( هەتاو )یش دوای حەوت ساڵ تەمەن و ( ١٨٨ ) ژمارە داخراو ( گیوی موکریانی )ش بەتاوانی کوردایەتی بۆخوارووی عێراق دوورخرایەوە .

## ناساندنی گۆڤاری (هەتاو)

دوایەدوای ئەو بارودۆخە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی لە ساڵانی پەنجاکان ، کە لە فەسڵی یەکەمدا باسمان کرد . لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا بە تەنیا ڕۆژنامەی ( ژین ) [١٠] ، لە شاری سلێمانی بڵاودەبووەوە و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو ڕووناکبیرەکانی هەموو شارەکانی کوردستانی باشوور بەشدارییان تێدا دەکرد .

لەشاری هەولێر بە هەوڵ و هیممەتی جوامێرانەی ( گیوی موکریانی ) خاوەنی ( چاپخانەی کوردستان )، توانرا جارێکی تر گۆڤارو ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لەو شارە دێرینەدا بەهەرمێن بکرێتەوە . بەتایبەتی تازە ( ڕۆژنامەی اربیل – هەولێر ) [١١] داخرابوو .

لە پێشدا بە پێویستی دەزانین لە ئاست خزمەتی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیی گیوی موکریانی دا هەڵوێستەیەك بکەین . ئەم ڕووناکبیرە بە بنەچە کوردێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەو لەگەڵ ( حوزنی موکریانی ) کاکی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا چاپخانەیان هێنایە کوردستان و سەرەتا لە حەلەب پاشان ڕەواندز و دواجار لە هەولێر گیرسانەوە . بوونی ئەم یەکەم چاپخانەیە لە مێژووی چاپ و چاپەمەنی کوردیی لەم شارەدا ، هەرچەندە سادەو ساکاریش بوو بێت ، بۆ چاپی کتێب و بڵاوبوونەوەی برەڤی ڕۆژنامەنووسیی کاریگەرییەکی زۆری بووە . لە ڕێگای ئەو چاپخانەیەوە چەندین دیوانی شیعری شاعیرانی کلاسیك و فەرهەنگ و بابەتی مێژوویی و ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا چاپکراون ، دوابەدوای کۆچی دوایی ( حوزنی ) کاکی لە ساڵی ( ١٩٤٧ ) دا ، ئیتر بەتەواوی کاروباری چاپخانەکە کەوتە دەست گیوی موکریانی ، ئەویش هەر لەسەر ڕێبازی پێشووی کاکی لە خزمەتی وشەی کوردیدا بوو ، لە پێگەیاندن و ڕێگە نیشاندان و هاندانی چەندین شاعیر و نووسەری کورد لە هەموو لایەکی کوردستانەوە دریغی نەکردووە . تەنانەت لە گەنجیشدا لە سەنعەت و دەست ڕەنگینی و زمانزانییەکەی چەندین کەس بەهرەی وەرگرتووە . محەمەدی قازی وەرگێڕی بە توانای کورد ، کە بەرهەمێکی زۆری تەرجەمەی سەر زمانی فارسی کردووە ، بە شانازییەوە ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، کەلەسەر دەستی گیوی موکریانی لە مەهاباد فێری زمانی فەرەنسی بووە . [١٢]

بڵاوکردنەوەی ( گۆڤاری هەتاو ) یەکێکە لە هەوڵە ڕۆژنامەنووسیەکانی گیوی موکریانی یەکەم ژمارەی لە ( ١٩٥٤/٥/١٥ ) دا لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە . لەو سەردەمەدا تاقە گۆڤاری کوردی بووە لە کوردستاندا دەرچووە . بە پێی شارەزایی من ، لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی ئەکادیمی لەبارەی ئەو گۆڤارەوە نەنووسراوە ، جگە لە چەند ئاماژەیەکی پەرت و بڵاو و ئەوە نەبێ ، کەچەند ژمارەی لێ دەرچووە و کەی و لەلایەن کێوە ، زیاتر نیە :

> *( گۆڤارێکی وێژەیی هەفتەیی کوردی بووە ، بۆ ماوەیەك ، دوو هەفتە جارێك دەرچووە ، وەماوەیەکی تر هەر دە ڕۆژ جارێك دەرچووە ، خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری گیوی موکریانی بووە ، بەرپرسیاری پارێزەر ئیبراهیم عەزیز دزەیی بووە ، ژمارەیەکی لە مایسی ١٩٥٤ دا دەرچووە و نزیکەی ١٨٨ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە . )* [١٣]

سەرنووسەری گۆڤارەکە ، محامی ئیبراهیم عەزیز ئاغای دزەیی بووە و خاوەن ئیمتیاز و هەڵسووڕێنەری گیوی موکریانی بووە . لە ژمارە (٤٠)ەوە ( محمد شهاب الدین دباغ ) بۆتە سەرنووسەری و لە ژمارە ( ١٣٨ ) ەوە ( جلال قادر) جێگەی گرتۆتەوە . لەسەر بەرگی گۆڤارەکە نووسراوە : ( گۆڤارێکی وێژەیی( ئەدەبی ) هەفتەیی کوردییە جارێ هەر لە ١٠ ڕۆژاندا چەلێکی پەخش دەکرێت ). ئەم گۆڤارە بەهۆی گیروگرفتی چاپ و توانای ماددییەوە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی رێك و پێك و لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا دەربچێت ، هەندێ جار بەدە ڕۆژان و هەندێ جاریش زیاتر لە پازدە ڕۆژان ژمارەیەکی لێ دەرچووە . مەسەلەیەکی دی ، کە سەرنج را دەکێشی ئەوەیە ، نووسەرانی کورد ، لەشارەکانی سلیمانی و بەغدا و لەدەرەوەی کوردستانیشدا بەرهەمی خۆیان بۆ ڕەوانەکردووەو بەشداری نووسینیان کردووە .

جەبار جەباری لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ، وەها گۆڤاری ( هەتاو ) هەڵدەسەنگێنی :ـ

*( ئەم گۆڤارە دەستێکی باڵای هەیە لە پێگەیانن و هاندانی ڕۆشنبیرە تازە هەڵکەوتووەکانی گەلی کوردمان ، وە هەمیشە بە ئسلوبێکی دڵ بزوێنەر پاڵی بە لاوەکانەوە ئەنا بۆ هۆنینەوەی هەڵبەست و بەزۆری بەرهەمەکانیشیان بڵاو ئەکرایەوە . )* (١٤)

هەروەها لە میانەی گفت و گۆیەکدا لەبارەی باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی پە نجاکانی شاری هەولێرو کۆیەوە ، ( دلزار ) لەبابەت گۆڤاری ( هەتاو ) ەوە گوتویە :ـ

*( ئەم گۆڤارە ئەگەرچی لەڕووی هونەری و دارشتنەوە بەهێز نەبوو ، بەڵام خزمەتێکی باشی زمان و ئەدەبی کوردی کرد ، گەلی شاعیرو نووسەری کوردی پێگەیاند . )* (١٥)

بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی ئاستی ئەدەبی وهونەری گۆڤارەکەوە دەتوانین بەسەر دوو قۆناغدا دابەشی بکەین :

*یەکەم :ـ بەر لە شۆڕشی چواردەی تەمموز .*

*دووەم :ـ قۆناغی دوای شۆڕش .*

لە قۆناغی یەکەمدا ، ئاستی گۆڤارەکە لاوازیی لە رووی بابەت و روخسارەوە پێوە دیارە ، هەروەها بەشداریی ڕۆشنبیرو نووسەرانی هەولێری کەمتر تێدا بەدی دەکرێ ، بە پێچەوانەی قۆناغی دوای شۆڕشەوە ، نوسەرانی کورد لە هەموو لایەکەوە بەرهەمیان بۆ رەوانە کردووە ، بەڵام دیسانەوە دەبێ ئەوە بڵێین ، چونکە لەلایەن ( گیوی موکریانی ) و بەرپارەو پوولی خۆی و بە ئیمکانیاتی کەمەوە دەردەچوو لە ئاستی پێویستدا نەبووە ، لەوەڵامی رەخنەیەکدا ، کە بۆچی نووسەران زیاتر بۆ گۆڤاری ( پەیام ) دەنووسن ، ( گیوی موکریانی ) دەڵێ :ـ ( هۆی ئەوەی کە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ ناکرێت و کەمتر وتاریشم بۆ دەنێررێ ، تەنها لەوەی دەزانم کە لەم خاکەدا هەستی نیشتیمانی سست و بێ برەوە ، پەیام چەورە و من و هەتاویش یەك لەیەك تر رووت و هەژارترین . ) (١٦)

## ٢ـ٢ : بابەتە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکان

بابەتە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکانی گۆڤارەکە هەمە چەشنەو فرە لایەنن ، ئێمە هەوڵ دەدەین لە ئاست چەند بابەتێکدا هەلوستەیەك بکەین :

### أ ـ شیعری کوردی

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا و بە تەواوی لە دوای بڕانەوەی یەکەمین جەنگی جیهانی ، شیعری کوردی تازەبوونەوەیەکی بە خۆوە بینی و ئەو تازەبوونەوەیە هەردوو لایەنی ڕووخسارو ناوەرۆکی گرتەوە . لەڕووی رووخسارەوە ، گۆڕان بەسەر کێشی شیعری کوردیدا هات و زیاتر کێشی برگەیی یان کێشی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی سەرنجی شاعیرانی ڕاکێشا ، لەڕووی زمانیشەوە ، وشە و زاراوەی کوردیی پەتی جێگەی وشەو زاراوەی شیعری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی گەلانی دراوسی لەعەرەب و فارس

و تورکی گرتەوە ، لەڕووی قافیەوە ، زیاتر جووت قافیەو قافیەی ڕەنگاو ڕەنگ بڵاوبووەوە ، قاڵبە کۆنەکانی شیعری کلاسیکی وەکو غەزەل و قەسیدە و چوارین .. کەم بوونەوە و شیعری ستوونی و پاشان شیعری ئازادی پەرەیسەند .

لەڕووی ناوەرۆکەوە ، قۆناغێکی ڕووناکبیری و لاکردنەوە بەلای کێشە سیاسی و نەتەوەییەکاندا هاتە گۆڕێ و چوار چێوەکۆنەکەی پێشوو لە غەزەل و دڵداری و وەسف جێگەیان لەق بوو ، کێشە کۆمەلایەتییەکان زەمینەیەکی بەرفراوانیان لەجەستەی شیعر دا پۆشی . ڕۆڵی شاعیرانی وەکو ( زێوەر و پیرەمێرد عەبدولرەحمان بەگی بابان و شێخ نووری شێخ سالح و گۆران ) ، لەو تازەکردنەوەیەدا شایانی ئاماژە پێکردنن . ئەو ڕەوتە نوێیەی شیعر درێژەی کێشا ، تا لەگەڵ کۆتایی هاتنی دووەمین جەنگی گێتیدا بە تەواوی جێگیر بوو و ڕۆژگارە پڕ لە ڕووداو و هەڵبەز و دابەزەکەی ئەو سەردەمە ڕێگەی بۆ شیعر خۆشکرد ، کە ببێتە بەشداریکەر لە گرفتەکانی سەردەم و پەیامێکی سیاسی و کۆمەلایەتی وشیارکەرەوە بهێنێت و دەروەست بوون لە شیعردا ببوە دروشمی سەرەکی شیعر ، لەم ڕووەوە ( د. مارف خەزنەدار ) دەڵێ :

*( هەرچی شیعریش بوو مەیلێکی ئەوتۆی بۆ شیعری کلاسیکی لەناوەوە نەبوو . لە مەیدانی چێژی ئەدەبیدا ( ژدانۆڤیزم ) و قوتابخانەی ( ریالیزمی سۆسیالیستی ) بەهەرمین بوون . )* [17] .

لەڕووی ڕووخساریشەوە کێشی هەمەڕەنگ و شیعری ئازاد بووە باو و لەگەڵ واقیعدا ڕێکەوت . شاعیرانی ئەو سەردەمە بە خوێندنەوەو کاریگەریی شاعیرە نوێخوازەکانی ئەو سەردەمەی عەرەب هەوڵیان دەدا ڕوو لە دنیای تازەبوونەوەی شیعریی بکەن .

( جەوهەر غەمگین ) ی شاعیر لەسەر ئەو کاریگەرییە وەها دەردەخا :

*( .. ئێمە مانان لەڕێی گۆڤارو خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی عەرەب وەك ( نازك الملائكه ، عاتكه الخزرجي ، بدر شاكر السياب ، محمد خليل شلش ، علي الحلي ، فاروق شوشه ... تاد ) کەزۆربەیان لە گۆڤاری ( الآداب ) ی بەیرووتی نووسینیان بڵاو دەکردەوە ... تامو چێژی خۆیان هەبوو ... ئێمەش جا چ لەڕێی لاسایی کردنەوە چ لەڕێی سروشتی خۆرسکی کورد خۆی بێ ... ڕێچکەی نوێخوازی بەدیار کەوت وجێی خۆی گرت .. من خۆم یەکێك بووم ، کە ( الآداب ) م بەردەوام دەخوێندەوەو چێژم لێ وەردەگرت .. هەروا لە پە تجاکان ( ئەدەبی مەهجەر ) کەمیخائیل نعيمه وجبران خليل جبران ) وهی تر نووسین و شیعرەکانیان .. کە ئەوروپیانە بوو ..دەکەوتە دەستمان و دەما نخوێندنەوە . )* [18]

بوونی گۆڤارێکی کوردی ، لەو ڕۆژگارەدا ، شوێن و پایەی خۆی لە دڵی ڕۆشنبیرو شاعیرانی ئەو سەردەمەدا بووە ، چونکە گۆڤاری ( هەتاو ) لەشاری هەولێر تاقە گۆڤاری ئەو سەردەمەی کوردستانی باشووربوو ، کە بتوانن وەکو سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیریی کوردی سوودی لێ وەرگرن .

( مسعود کەتانی ) لە ئامێدییەوە دەڵێ :_

شەڤ چ گاری بوو مەلی دەرکەت هەتاڤ

روون کردی ل من هزر و دل فکر و هەتاڤ [19]

( جاهید ) ، ئەو سەردەمە گیوی موکریانی تەخەلوسی ( شیواو ) ی بۆ هەڵبژاردبوو وا هەستی خۆی دەردەبڕێ :_

هەتاو هەر تۆ هەتاوی ئاسمانی خاکـــــی کوردانی

تروسکەی نووری عرفانی دەلیلی راهی خۆمانی [20]

هەروەها ( قانع ) ی شاعیر وادادەڕژێ :

هەتاو ئەمرۆ وا تەواو هەتـــاوە ترسی تاریـــکی لەنـــاو نەماوە

تۆ رابەرم بەبلیی بەکـــــوردان شاریاوەی هەژار ویلی بن بەردان [21]

شیعریسیاسی و نیشتمانی لهو ڕۆژهدا بایهخی زۆری ههبوو ، مهسهله سهرهكییهكان ، كه بوونهته ههوێنی شیعری شاعیران بریتی بوون له جۆشدانی جهماوهر بۆ خهباتی نه پساوهی كوردایهتی و خۆشهویستی خاك و نهتهوهو یهكگرتن و ڕووبهڕووبوونهوهی دوژمنان ، عهبدولكهریم هیرانی نووسیویهتی :_

گهلی كورد نابهزێ ههرگیز له كۆشین و ههوڵدانی
له مهیدانی خهباتا چهنده ڕۆڵهی كرده قوربانی
لهسهرباز و كرێكار و قوتابی و ڕهنجبهر و جوتیار
گهلێكی تر لهڕۆلانی شههیدی خاكی بارزانی [٢٢]

بهبۆنهی لهسێدارهدانی چوار ئهفسهری شههیدی كوردستان ، كه دوای ئهوهی له كۆماری دیمۆكراتی كوردستاندا بهشدارییان كرد ، حكومهتی عێراق بڕیاری خنكاندنی دهركردن ، له ههموو لایهكی كوردستانهوه ڕق و تووڕهیی جهماوهر وروژا ، شاری ههولێریش لهكاتی ناشتنی تهرمی شههید خهیروللا دا وروژا ،

( لهتیف بهرزنجی ) ئهو غهم و پهژارهیه دهردهبڕێ :_

وا چوار قارهمانی دلێر — چوار ڕۆڵهی كوردی نهرهشێر
وا چوار شۆره سواری بهناو — پاڵهوانی زنجیر كراو
لهناو بهندیخانهو زیندان — دوای ههزار جۆره ئازار دان
واكار بهدهستانی ئێران — فهرمانی داون بهخنكان
ههڵواسرین بهقهنارهو پهت — تاكو چاوی بشكێ میللهت
كوردایهتی لهبن بێنن — له تێكۆشان بیوهستێنن
بێ گوناهن بهڵام كوردن — ڕۆڵهی گهلێكی ئهبهردن
سهریان شۆرناكهن بۆ دوژمن — شانازی ئهكهن به كوژتن [٢٣]

لهرووی ناوهرۆكهوه ، چهندین بابهتی وهكو سروشتی كوردستان و دووركهوتنهوه له ههندێ دیاردهی دزێوی كۆمهلایهتی وهكو پۆكهر و قومار بهرچاو دهكهون .

( حهبیب عهلی میرانی ) لهوهسفی بههاری كوردستاندا كه لهو ساڵهدا لافاو بووه ، وهكو شیوهن دهڵێ :

لهرزین و تهرزهی لافاوی بههار — میرانی داینا لهبۆ یادگار
برایان فهسلی بههاره ئیمرۆ — سهرزهمین گشتی گولزاره ئیمرۆ
ههر چهنده فهسلی بههاره ئیمرۆ — ههناسهم بهفری كۆساره ئیمرۆ
عادهته لهڕۆژ سهیران و شادی — ههركهس دلداری خۆی دیته یاد
لهناوی چاوم لافاو هاته جۆش — ڕا یمالی هێزی فكرو فام و هۆش
ناوی ئهم ساله بهم تهرزه — سالی دوو لافاو چهند بوومه لهرزه [٢٤]

( جاهید ) ، كه زیاتر به گوزاری بهشێوهیهكی سهرپێی چهندین شیعری نووسیووه لهوهسفی هاوینه ههواری ( پیرمام ) دا ههستی خۆی دهردهبڕێ :_

مهسیف سهیهمین ئهمه باسته — دلی شاعیران ههر سوپاسته
چریكهی بولبول لهباخ و گولزار — دیسان وا منی هێناوه گوفتار
مهنزهری بهرگی شینی سهرزهویت — گرد و ئاقاری بلند و نهویت
مهوج و شهپۆلی بوخلر و تهمت — ههزاران خهفهت لادهبا غهمت [٢٥]

ئەگەر بە ووردی لەرووی رووخسارەوە لە شیعرەکانی ئەو سەردەمە و ئەو قۆناغە بروانین دەتوانین بڵێین ، کاریگەریی قۆناغی شیعری نویی کوردی پاش جەنگی جیهانی ئاشکرا دیارە ،جووت قافیە و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی و بابەتەکانی چەوسانەوەو خەباتی سیاسی ، لە شێوەی رێبازی ریالیزمدا خۆی دەنوێنێ .

## ب - وتاری هەمە چەشنە

دیارە هەموو گۆڤارێك ، کەبڵاو دەبێتەوە ، کۆمەڵی وتاری هەمە چەشنەی لەرووی ناوەرۆکەوە تێدایە ، لە وتاری مێژوویی ، زمانەوانی ، ئەدەبی و زانستی و ... هتد . گۆڤاری ( هەتاو ) یش لەم چەشنە وتارانەی بڵاو کردۆتەوەو دەتوانرێ بەئاسانی دەست نیشانی هەریەکێك لەو چەشنانە بکرێت .

لەناو وتارەکاندا ئەوەی زیاتر سەرنجی راکێشام ، گرنگی دان بە وتاری هونەری بوو ، بە تایبەتی ( عومەر دزەیی ) لەبابەتی مۆسیقاوە بە زنجیرە وتارێك ، کە کۆی کردونەتەوەو وەریگێراون چێژی هونەری و زانیاریی ئەو نووسەرو وەرگێرەمان پیشان دەدا ، لەسەرەتای ئەم وتارەدا هاتووە :-

( هونەری جوان ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەوە ئادەمیزادی پێگەیشتوو دەتوانێ تام لە جوانی بکات و زاناکانی پیشینان ئەو هونەرەیان کردووە بە دوو بەشی گەورە :-

١- هۆنەرانی جوانی پایەدار

٢- هۆنەرانی جوانی جوولاوەیی

هونەری جوانی پایەدار وەکو (وێنەگەریتی ، بەرداتاشی و دروست کردنەوهی جوولاوەیی وەکو مۆزیقە ، هەڵپەرکێ ، هۆنراوە . )(٢٦)

وتار نووسە دیارەکانی گۆڤارەکە بریتین لە : گیوی موکریانی ، تاهیر بەهجەت مەریوانی و عومەر دزەیی و مارف خەزنەدار و ع. قرگەیی و تاهیر ئەحمەد حەوێزی ... هتد .

بە شێوەیەکی گشتی شێوەزاری نووسینی هەموویان لەرووی زمانەوە لەوەدا یەك دەگرێتەوە ، کە هەوڵیانداوە وشەی کوردیی رەسەن بەکاربێنن و لە رووی رێنووسەوە کەمتر پێرەوی رێنووسی عەرەبی بکەن ، بەتایبەتی لەبەکارهێنانی پیتە بزوێن و بەکوردیکردنی پیتە عەرەبیەکاندا .

## پ - رێنووس و زمانی کوردی

بەهۆی ئەوەی ، کە ( گیوی موکریانی ) خاوەنی گۆڤارەکە هەر لەسەرەتاوە خەریکی کاری فەرهەنگنووسیی و گەڕان بە دوای وشەی کوردی پەتیی و زانینی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی دابووە (٢٧) ، ئەمە وایکردووە لە گۆڤارەکەشدا گرنگییەکی تایبەتی بەرێنووس و زمانیکوردی بدات ، چ بەنووسینی خۆی و وەڵامی هەندێ کەس (٢٨) وبڵاوکردنەوەی بیروڕای نووسەرانی دی لەو بوارەدا گۆڤارەکە دەوڵەمەند بکات . بۆ یەکخستنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە پێناو زمانێکی (ستاندارد ) ی نووسین هەولیداوە و نووسیویەتی :-

*( پێویستە نووسینمان بە چەشنێك بێ کە کوردێکی دیار بەکر بتوانی نووسراوی برایەکی لوڕی خۆی بخوێنێتەوە و کوردێکی هەورامی لە نووسراوی کوردێکی شوان و زیلی و سورچی بگات . ئەوەش بە تێکەڵاو کردنی وشەی هەمووشار خێلات و هۆز و تیرەکانی کوردستان نەبێ پێك نایە هەر وشەکانیان تێکەڵاو کرێن و بەس بەڵکو دەستووری سەرف و نەحوشیان کۆ بکرێتەوە بەو هۆیەوە زمانەکان پان و پۆرو فراوان و دەوڵەمەند دەبێ و ساردی و ناهومێدیتی و بێگانەیەتیش لە نێوانی دانامێنێ . )* (٢٩)

لەبارەی رێنووسەوە ، گۆڤاری ( هەتاو ) پێرەوی ئەلف و بێی لاتینی بۆ کوردی بەڕاست بزانێ و خوێنەرەکانی پێ ئاشنا بکات . لەرێنووسی عەرەبیشدا ، وەکو دەردەکەوێت پلانێکی دیاری کراوی نەبووە ، بەگوێرەی نووسینی نووسەرەکان خۆیان

چۆنیان نووسیبێ ، گۆڤارەکەیش هەر بەو شێوەیەی بڵاوکردۆتەوە . بۆ نموونە ، لە چەندین وتاردا کە نووسەرانی سلێمانی ڕەوانەیان کردووە ، پیتە قاڵبی ( ئە ) لە پێش فرماندا بەکار هاتووەو ئەوانەی هەولێریش ( دە ) یان بەکار هێناوە . یان لەکاتی چاپکردنی پریپۆزیشنی ( لە ... دا ) ، ( دا ) یەکی دواوەهەندێ جار بەوشەکە لکاوەو نووساوە ، بە پێچەوانەوە لە هەندێ وتاردا بەجیا لەوشەکەوە نووسراوە ، یان نووسینی پیتی ( و ) لەهەندێ وشەدا بەیەك واو و لەهەندێ بەدوو واو نووسراوە . هەوڵێکی دیکەی گۆڤارەکە ئەوە بووە ، زمانی کوردی لە وشەو زاراوەی بێگانە پاك بکاتەوەو لە جیاتی ئەوان وشە و زاراوەی کوردی بڵاوبکاتەوە ، لە هەندێ ژمارەیەکدا لیستێکی کردووە بۆ دانان و پێشنیاز کردنی وشەی کوردی ، هەروەکو :-

| باکوور | سۆران | عەرەبی |
|---|---|---|
| ڕەوش | خشڵ | زینت ( زینة ) |
| ڤیان | خۆشەویستی | محبت ( محبة ) |
| لالاش | کعبە | کعبة |
| هەدام | ڕوو | وجة[٣٠] |

## ٢-٢ : گۆڤاری (هەتاو) و چمکێ لە هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی

بەر لەهەموو شتێك دەبێ بە چاوی ڕۆژگاری پە نجاکان لە گۆڤارەکە بڕوانین ، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین ، لەبەر نەبوونی ڕۆژنامە لە شاری هەولێر ، لەرووی بابەت و هونەرەکانی ڕۆژنامە نووسییەوە ، گۆڤاری( هەتاو ) تێکەڵاوە لە هەردووکیان ، چەندین هەواڵی ڕۆژو ئاگاداریی و ڕیپۆرتاژ و گۆشەی تایبەت بە کێشە سیاسی و زانستی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەمە نووسراون .

### هونەری هەواڵ

لە گۆڤاری (هەتاو)دا ، جێگەیەکی تایبەتی هەیە ، لەبەرنەبوونی ڕۆژنامە لەو کاتەدا گۆڤارەکە کەلێنێکی گەورەی پڕ کردۆتەوە . ئەم هونەرە بە بڕبڕەی پشتی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت ، بە تایبەتی بۆ ڕۆژنامەنووسی ڕۆژانەی هەواڵ ، ڕەنگە لە گۆڤاردا کەمتر بایەخی هەبێ ، چونکە لە رووی کاتەوە گەرماو گەرم نییە .

وێڕای جیاوازی ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچوونی جیاوازو جۆری لێکۆڵینەوەیان بۆ پێناسەو ئەرکی هەواڵ ، بەڵام هەندێ فاکت هەن، کە ناتوانرێ چاوپۆشیان لێ بکرێت ، هەروەکو وەڵامی پرسەکانی (بۆ، کەی ، لەکوێ، چۆن،کێ) ، هەروەها تازەیی و ڕاستگۆیی و ورووژان و سەرنج ڕاکێشان و پشتگیری و بەسوودی ... هتد.[٣١]

لە سیستمی نوێی ڕاگەیاندن و جیهانگەریدا ، (هەواڵ) چەکێکی کاریگەرە لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی و ناساندنی ناسنامەی فەرهەنگی ئەو میللەتەدا ، کە دەتوانرێ بە پێی بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ مەبەستی دیاریکراو دابڕێژرێ ، هەواڵ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ، هەموو بوارەکانی ژیان و چالاکی مرۆڤی گرتۆتەوە ، لە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژوویدا .. هتد لەهەواڵێکدا ، گۆڤاری (هەتاو) سووتانی قەیسەری هەولێر وا ڕادەگەیێنێ :

*(شەوی پێنج شەممەی ١٣ ی مانگ ئاگرێکی سەخت قەیسەرییەکی لە هەولێری داگرت ( ١٤ ) دوکانی سوتاند و زیانێکی ئێجگار زۆری بە خاوەندەکانی گەیاند. ئەگەر گیانبازێتی پۆلیس و عەسکەران فریانەکەوتبایە لەوانە بوو تەواوی بازاڕ و قەیسەری بسووتێنێ .*

*هەموو شارەکانی عێراق لکی ئاگرکوژاندنەوە (اطفائية ) یان هەیە تەنها هەولێر لەو بابەتەوە بەشبراوە ئومێدو تکا وایە کە دەوڵەت ئەوکەم و کورتیەمانبە دامەزراندنی دائیرەی اطفائية بۆ پڕبکاتەوە .)* (۳۲)

لە ناوەرۆکی ئەم هەواڵە کۆمەلایەتیەدا دەردەکەوێ ، کەمەسەلەی سووتانەکە ، کە ترسی زۆری هەبووە و لە رووی مادديەوە زيانێکی زۆری بە خەلك گەياندووە ، بەلام بە پێوانەی چمکەکانی هونەری رۆژنامە نووسيی هەواڵ کەم و کورتی زۆری تێدایە ، بەوەی ، کە وەڵامی پرسەکانی( بۆ، چۆن، کێ؟ ) ی نەداوەتەوە ، بۆ سووتاوەو چۆن سووتاوەو کێ سووتاندویەتی ، بەلام ئەوەی سەرنج رادەکێشێ لە کۆتایی هەواڵەکەدا هۆکاری زوو پێ راگەیشتن و کەم و کورتی سیاسەتی سەردەم دەربڕێ لە خزمەتی هاوولاتیان و دابین کردنی ئامرازی پێویست بۆ پاراستنی گیانی هاوولاتیان و سەروەت و سامانیان .

هەروەها چەندین هەواڵی هونەری وەکو نواندنی هەردوو شانۆگەری ( سەری گلۆلەکە ) و (ژیانی قوتابی ) لەسەر شانۆی قوتابخانەی دواناوەندی کوران لە هەولێر (۳۳) و هەلبژاردنی (کۆمەلەی ئاوازی کوردی لە بەغدا ) (۳۴) . و چەندین هەواڵی سیاسی وەکو ( یادی راپەرینەکەی ۲۷ ی کانون ) (۳۵) و ( بیزاری ) (۳۶) بلاوکراوەتەوە .

## ب- هونەری ئاگاداری

ئاگاداری و بانگەواز ، لە هۆیەکانی بانگەشە و پروپاگەندەن ، کە لە رووی ناوەرۆکەوە دەکرێ تایبەتی و گشتی بن . دیارە (تایبەتی ) ئەوانەن ، کە روو بە رووی کەسێکی دیاریکراو دکرێنەوەو (گشتی )یش بۆ هەموو جەماوەرە ، بۆ ئاگادارکردنەوە یان بەجێ گەیاندن و پێرەوی کردن . لە ئاگادارییدا ( سەرەتا ) هەوڵ دەدرێت بابەتەکە روون بکرێتەوە پاشان ( داواکاری ) دەخرێتە روو . بۆ نموونە بڕوانە ئەم ئاگادارییە :

### بۆ زانین

### لەبابەت موناقەسەی نهێنی

بلاو ئەکەینەوە بە هەبوونی موناقەسەی نهێنی بۆ تەعهودی ۷۵۷۰ متر موکەعەب ئیشی خۆڵ و ۱۹۰۰متر قالبی تەنیشت و ناوەند و ۸۱۵۵ متر مورەبەع تەبلیتی شەقام و ۱۸۴۵ متر مورەبەع تەبلیتی مەفرەقەکانی شەقام و گۆرە پان و ۳۵ متر دروست کردنی پردی لولەیی لە کۆنکرێت بۆ تەبلیتی مەدخەلی رێگای شەقلاوە ئەربیل لە ساحەی بەرامبەر نەخۆشخانەی نەخۆشیی سینگ تا بیدایەتی شەقامی هیلالی بە پانایی ٦٠ متر ئیستمارەی شرووتی موناقەسە لە شوعبەی هەندەسەی بەلەدیە پاش دانی ۳ دینار نەقدەن بۆ فەتحی هەر مەجموعەیەك دەست ئەکەوێ ، عەتائات پێشکەش ئەکرێ لەلایەن موشتەریکەکانی لەناو زەرفێکی پێچراوە بۆ مەجلیسی بەلەدیە تا سەعات ۱۱ زوالی رۆژی دوشەم بەرامبەر ۱۹۵۸/٤/۱٤ ........ (۳۷)

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ، لەگەڵ ئەوەی ، کە (گیوی موکریانی ) خەریکی کاری فەرهەنگنووسیی و زمانی کوردی بووە ، ئاگاداری و بانگەوازەکان بە شێوەیەکی گشتی بە زمانی عەرەبین و بە ناونیشانی ( اعلان ) بلاوکراونەتەوەو هەر وەکو چۆن لە فەرمانگەکانەوە هاتوون . وێدەچێ ئەو رۆژانە لە کاروباری رەسمیدا زمانی عەرەبی پێرەوی کرابێت ئەوەکو لەبەر ئەوەی ، کەبەزۆر سە پێندرا بێت بەتکو ژمارەی فەرمانبەری کوردیزان ، کە بتوانێ بە زمانی کوردیی بنووسێ کەم بووە ، دەنا هەندێ فەرمانگە بەتایبەتی ( مەحکەمەی سولحی هەولێر ) هەمووی بە کوردی نووسیووە . لە رووی هونەری رۆژنامەنووسییەوە ،( ئاگاداری ) کاری دەستەی نووسەرانی رۆژنامە نیە . (۳۸)

## ت- گۆشەی تایبەت

زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەكان لەهەموو جیهاندا ، بەشێوەیەكی گشتی گۆشەی تایبەتییان جێ كردۆتەوە . ئەو گۆشانە هەندێكیان تایبەتن بە قەڵەمی نووسەرێكەوە و بەردەوام ئەو دەینووسی و هەندێكیشیان هەر جارەی بەهەمان ناونیشانی جێگیر یەكێك دەینووسی . نەبوونی پسپۆریی لە ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا هەتا ئەم دواییە وایكردووە، كە ڕۆژنامەنووسیی كوردیی هەمەلایەنە و گشتگیر بێت . لە گۆڤاری ( هەتاو ) دا چەندین گۆشەی تایبەت بۆ زمان و زانست و كۆمەڵایەتی و ( ئافرەتان ) و ( لاوان ) بەرچاو دەكەون . بە تایبەتی هەردوو گۆشەی تایبەت بۆ ئافرەتان و لاوان هەنگاوێكی تازەیە و پێشتر لە ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا بەرچاو ناكەون ، ئەمەش وایكردووە ، كە بۆشاییەكی زۆری ئەو ڕۆژگارەی ناوەندی ڕۆشنبیریی كوردی پڕبكاتەوە و هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵیش لە خۆی گرد بكاتەوە . بێگومان ، گۆشەی تایبەت لە ڕۆژنامەنووسیدا خاسیەت و بنەمای خۆی هەیە ، لەوەی ، كە بابەتی گەرماو گەرم و هەستیار بخاتە ڕوو، بە شێوازێكی سەرنج ڕاكێشی ڕۆژنامەنووسیانە ، كە گفتوگۆ هەڵبگرێ و بە كورتی و بە وردی و بە شێوەیەكی ڕەخنە ئامێز ڕووناكی بخاتە سەر بابەتەكە . لە گۆڤاری ( هەتاو ) دا چەندین گۆشە بەم ناوانە دەبینرێن : ( ئامۆژگاری ) و( مەتەڵ ) و( باخچەی بوێژان ) و( بەشی پزیشكی ) ، كە هەندێكیان بۆ ماوەی درێژو هەندێكیشیان بۆ ماوەیەك بەردەوام بوون . لەكەم و كورتیەكانی ئەم گۆشە تایبەتییانەدا ئەوەیە ، نووسەر هەروەكو وتارێكی ئاسایی ڕۆژنامەنووسیی و درێژ نووسییەتی بێ ئەوەی ڕەچاوی بنەماكانی ئەو هونەرە بكات .

## ئەنجـــــام

بارودۆخی ڕۆشنبیریی لە پەنجاكانی سەدەی بیستەم لە شاری هەولێر بەهۆی ئاراستەكردنی جەماوەر لەلایەن ڕووناكبیرانی سەر بە حیزبی شیوعی و پارتی و لایەنەكانی دی و ڕۆژنامەنووسیی كوردی (ڕۆژنامەی هەولێر ) و پاشان (گۆڤاری هەتاو ) لەلایەن گیوی موكریانییەوە ، بووژانەوەیەكی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی كوردیی بەخۆوە بینی ، بابەتەكانی شیعرو زمانی شیعرو وتارو یەكخستنی زمانی كوردی و بابەتە ڕۆشنبیرییەكانی تر لە مەسەلە سەرەكییەكانی ناوەندی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی بوون، ئەمەش بە ڕوون و ئاشكرایی لەسەر لاپەڕەكانی گۆڤاری (هەتاو ) دا ڕەنگی داوەتەوە .

گۆڤاری ( هەتاو ) لەگەڵ كەم دەرامەتی و هاوكاری نەكردنی ژمارەیەك لە نووسەرەكانی ئەو ڕۆژە ، توانیویەتی خزمەتێكی گەورە بەخەڵكیشارەكەو بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و فیكریی نووسەران بكات، كەبەشاهیدی هەندێ لەنووسەرو ڕووناكبیرەكان و قوتابخانەیەك بوو بۆ پێگەیاندنی لاوەكان و تازە بنووسەكان، لەڕووی نەخشەسازیو ڕۆژنامە نووسییەوە لەئاستێكی پێشكەوتوودا نەبووە ، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بێبایەخ و كەم هەرمینیش بووبێ ، نەوەكو هەر بۆ هەولێر ، بەڵكو لەبەر ئەوەی تاقە گۆڤاری سەردەمی پاشایەنی بوو دوای گۆڤاری (گەلاوێژ ) ،كەبلاو كراوەتەوە، لەهەمولایەكی كوردستانەوە بەرهەمی ئەدەبیی و ڕۆشنبیری بۆ ڕەوانە كراوە ، ئەوە بێجگەلەوەی لەهەندەرانیش نووسەرانی كورد نووسین و وەرگێڕانیان بۆڕەوانە كردووە .

لێكۆڵینەوە لەباری ڕۆشنبیری و ئەدەبی كوردی نەوەكو هەر لەشاری هەولێر ،بەڵكو لە مێژووی ئەدەبی كوردی بەگشتی بێگۆڤای (هەتاو ) پڕلەكەم و كورتی دەردەچێت .

# پەراوێزەکان

١. : بەکر شاکر عەبدوڵلا ، عەلی فەتاح دزەیی شاعیرو نووسەر ، ل ٣٤ .

٢. : اسماعیل شکر رسول ، اربیل دراسة تاریخیة فی دورها الفکری و السیاسی ،ص ٢٧١ .

٣. : چاوپێکەوتنی ئەژاد عەبدوڵلا عەزیز لە هەولێر ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/٧ .

٤. : مەحموود زامدار ، ڕۆژنامەی هەولێر حیکایەتی سەرهەڵدان و کۆتایی ، ل ١٢ .

٥. : بۆ زانیاری لە بارەی گۆڤاری (هیوا) وە بزانە :

٦. هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا ، هەولێر، ١٩٨٨ .

٧. : گ هەتاو ،ژ٧٢ ، س٢٠ ، ١٩٥٦ ، ل ٣ .

٨. : بڕوانە ، عبدالرزاق الحسینی، تاریخ الوزارات العراقیة ، ط١، ج٩ ، ص ١٢١ .

٩. : بڕوانە ، ب. سیروان، چەند چالاکیەکی جەماوەری ... ، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ، ژ٧٦ -٧٧ .

١٠. : بڕوانە ، عبدالرزاق الحسنی ، تاریخ الوزارات العراقیة ،ط٦ ،ج٩ ،ص١٥١ .

١١. : ڕۆژنامەی (ژین) پیرەمێردی شاعیر دایمەزراندو تاوەفاتی لە(١٩ای حوزەیرانی ١٩٥٠)دا هەر خۆی سەرپەرشتی دەکرد .دوای ئەو چەند جارێك سەرپەرشتی کرانی گۆڕران.(جەمیل سائیب و گۆران و نوری ئەمین بەگ و ئەحمەد زرنگ هەر یەکەیان ماوەیك سەرپەرشتیان کردووە). بارستی (ژین) زۆر جار گۆڕرا ، بەلام بەشێکی زۆری ژمارەکانی (٣٤×٣٠سم) ن، بڕوانە : د.کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی ..ل ٢٢٢.

١٢. :ڕۆژنامەییەکی زانستی وێژەیی هەفتەیی بوولە شاری هەولێر لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر دەرچوو ،ژمارە(یەکی) لە٦ ای کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٠دادەرچوو،هەتا ساڵی ١٩٥٣ بەردەوام بوو ،مودیری مسؤول جمیل رشید بووە ، دەستەی نووسەران لە حسین الرشوانی و عزالدین فیضی و ئەستێر سعید پێکهاتبوو و مدیری ادارە جمال جمیل بووە ، بڕوانە :

١٣. جمال خەزنەدار ، رابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی ، ل ٥٩ .

١٤. : بڕوانە محمد مەلا کریم، گیوی موکریانی ڕێی بۆ موحەمەدی قازی خۆش کرد ببی بەو وەرگێرە بەناووبانگەی کە بوو،گ رەنگین، ژ ٨٨ ، ١٩٩٦ ، ل ٢٢-٢٥ .

١٥. : جەمال خەزنەدار ، رابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی ، ل ٦٢ . هەروەها بڕوانە : مەغدیدی حاجی ، کاروانە سەخت و پیرۆزەکەی چاپخانەی کوردستان ، گ کاروان ، ژ٣٣ ، ١٩٨٥ ، ل ١٥ . علاالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ ٢ ، ل٦١٧ .

١٦. یعقوب القصاب ، الصحافة الکردیة منذ نشأتها الی الثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ ، مجلة کاروان ، ع ١٦ ، ١٩٨٤ ، ص ١٥٨ .

١٧. عبدالجبار محمد جباری ، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ، ل ١٠٣ .

١٨. د. کمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی .. ، ل ٢٤١ .

١٩. : عبدالجبار محمد جباری ، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ، ل ١٠٤ .

٢٠. : گ رامان ،ژ٤٠،س٥،ل١٥٣ .

٢١. : گ هەتاو،ژ٣٧،ل١٨ .

٢٢. : گ رامان ،ژ٤٠،س٥،ل١٥٠ .

٢٣. : هەمان سەرچاوە ، ل١٥٠ .

٢٤. : گ هەتاو ،ژ١٢٩،س٤،نیسانی ١٩٥٨ ، ل١٠ .

٢٥. : گ هەتاو ،ژ٧٨ ، س٣ ،تشرینی دووەم ١٩٥٦ ،ل ٩ .

٢٦. : گ هەتاو ،ژ١٣٧ ،س٥ ،تەمموزی ١٩٥٨ ،ل ١٣ .

٢٧. : گ هەتاو ژ١٦٦ ،س٦ ، تشرینی دووەمی ١٩٥٩ ، ل١٣ .

٢٨. :گ هەتاو ،ژ١٨٠ ،س٧ ،حوزەیرانی ١٩٦٠ ،ل١٤ .

٢٩. : گ هەتاو ،ژ١٢٦ ،س٤ ،مارتی ١٩٥٨ ،ل٧ .

٣٠. :گ هەتاو ،ژ٣٣ ،س٢ ، حوزەیرانی ١٩٥٥ ،ل١٠ .

٣١. :گ هەتاو ،ژ٣٦ ،س٢و تمموزی ١٩٥٥ ،ل١٣ .

٣٢. :وەرگێڕی بەناوبانگی ئێران ( محەمەدی قازی ) ،كە كوردێكی مەهابادییە ،لە یادداشتەكانی خۆیدا ئەوەی روون كردۆتەوە ،كە زمانی فەرەنسی لەخزمەت (گیوی موكریانی ) دا خوێندووە ،بڕوانە :گ ڕەنگین ،ژ ٨٨ ، ١٩٩٦ ،ل ٢٢ – ٢٥ .

٣٣. :لەژمارەی ( ١٢٩ ) ی گۆڤاری( هەتاو ) دا گیوی موكریانی وەڵامی تۆفیق وەهبی داوەتەوە ،ل١٨-١٩ .

٣٤. :گ هەتاو ،ژ٧٧ ،س٣١ ،تشرینی یەكەمی ١٩٥٦ ،ل١ .

٣٥. :گ هەتاو ،ژ٣٦ ، س١٠ ، تەمموزی ١٩٥٨ ،ل٨ .

٣٦. :بۆزیاتر زانیاری لەبارەی هونەری هەواڵ بڕوانە :

٣٧. د.فاروق ابوزید ،فن الخبر الصحفی ، گ ٢ ، ص٨٧-١٥٠ .

٣٨. د.كاظم معتمد نژاد ،ڕۆژنامەگەری ، ١٦-٤٦ .

٣٩. : گ هەتاو ،ژ٣٧ ،س٢ ،تەمموزی ١٩٥٥ ،ل ٣ .

٤٠. : گ هەتاو ،ژ١٤٩ ،س ١٥ ، شوباتی ١٩٥٩ ،ل ٢٦ .

٤١. : گ هەتاو ،ژ١٤٩ ،ل ٢٧ .

٤٢. : گ هەتاو ،ژ١٤٩ ،ل ٢٧ .

٤٣. : گ هەتاو ،ژ١٨٧ ، س ١٥ ، تشرینی یەكەمی ١٩٦٠ ،ل ٣٥ .

٤٤. : گ هەتاو ،ژ١٢٧ ،س ٤ ،مارتی ١٩٥٨ ،ل ٢٠ . لەهەمان كاتدا زۆر ئاگاداریی (تایبەت ) بڵاوكراوەتەوە ،بۆ وێنە بڕوانە :گ هەتاو ،ژمارەكانی ( ١٢٧ ، ل٢٨ ) و (ژ١٥٠ ،ل٤٣ ).

٤٥. : بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی خەسڵەتەكانی ئاگاداری و جۆرەكانیەوە بڕوانە :

٤٦. د. عبدالعزیز الغنام ،مدخل فی علم الصحافه ،ص١٨٩-١٥ .

٤٧. بیار البیر،الصحافة ، ترجمة محمد برجاوی ،ص ٤٨ –٥٦.

# سەرچاوەکان

## بەزمانی کوردی


١-بەکر شاکر عەبدوڵلا ، عەلی فتاح دزەیی شاعیرو نووسەر ، ( نامەی ماجستێر ) ،کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٠ .

باوکی سیروان، چەند چا لاکییەکی جەماوەریی شاری شەقلاوە لە ساڵانی ١٩٥٤و١٩٥٥، رۆژنامەی رێگای کوردستان ، ژ( ٧٦ )و( ٧٧ ) لە رۆژانی ١٩٩٣/٩/٢٨و١٩٩٣/١٠/٥.

٢-ب. هەوراز ، را پەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر ، رۆژنامەی رێگای کوردستان ، ژ( ٤٥ )و( ٤٧ ) لە١٩٩٣/٢/٩ .

٣-جەمال خەزنەدار ، رابەری رۆژنامەی کوردی ، بەغدا ،١٩٧٣ .

٤-رامان ، باری ئەدەبی وروناکبیری پە نجاکان لەهەولێر و کۆیە ،گ رامان ،ژ٤٠، س ٥، ١٩٩٩ .

٥-عبدالجبار محمد جەباری ، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ،چاپخانەی ژین ، سلیمانی ، ١٩٧٠ .

٦-عبدالقادر بەرزنجی ، یادی سەیرانێکی ساڵی ١٩٥٤ ،رۆژنامەی رێگای کوردستان ، ژ٦١ ، س ٤٩ ،١٩٩٣/٦/١٥ .

٧-علاو الدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ ٢ ، ١٩٧١ .

٧-قادر رەشید ناسك ، دامەزراندنی نەقابەکانی کرێکاران و یەکێتی یە پیشەیی یەکان بە نهێنی لە سلێمانی ، رۆژنامەی رێگای کوردستان ، ژ١٩ ،١٩٩٣/١٠/٧٩ .

٨-د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی راستی وشوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا ،بەغدا ، ١٩٧٨ .

٩-محمدی مەلا کەریم ، گیوی موکریانی ریی بۆ محەمەدی قازی خۆش کرد ببی بەو وەرگێرە بە ناوبانگەی کەبوو ، گ رەنگین ، ژ٨٨، ١٩٩٦ .

١٠-محمود زامدار ، حیکایەتی سەرهەڵدان و کۆتایی رۆژنامەی هەولێر ، هەولێر ، ١٩٨٨ .

١١-مغدید حاجی ، کاروانە سەخت و پیرۆزەکەی چاپخانەی کوردستان ، گ کاروان ، ژ٣٢ ، ١٩٨٥ .

١٢-هیمداد حوسێن ، رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا ، هەولێر ،١٩٩٨ .

ژمارەکانی گۆڤاری ( هەتاو ) .


## بەزمانی عەرەبی


١-اسماعیل شکر رسول ،اربیل دراسة تاریخیة فی دورها الفکری و السیاسی ١٩٣٩ -١٩٥٨ ،( رسالة دکتوراة ) ، کلیة اداب - جامعة صلاح الدین -اربیل ،١٩٩٩ .

٢-بیار البیر، الصحافة ، ترجمة محمد برجاوی ،منشورات عویدات -لبنان ،١٩٧٠ .

٣-عبدالرزاق الحسنی ،تاریخ الوزارات العراقیة ،ج٩ ،ط٦ ، بغداد ،١٩٨٢ .

٤-د.عبدالعزیز الغنام ، مدخل فی علم الصحافة ،ج١ ،دار النجاح،بیروت،١٩٧٢ .

٥-د.فاروق ابو زید ،فن الخبر الصحفی ، ط٢ ،دار الشروق -جدة، ١٩٨٤ .

٦-یعقوب القصاب، الصحافة الکردیة منذ نشاتها الی الثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ ، مجلة کاروان ، ع ١٦ ،١٩٨٤ .


## بەزمانی فارسی


د.کاظم معتمد نژاد ، روزنامەنگاری چ ٤، مرکز نشر سپهر ،تهران ،١٩٧٢ .

# أنعكاس الظروف الثقافية فى مدينة اربيل
# خلال اعوام الخمسينيات فى مجلة (هه تاو - الشعاع)

حاول الباحث فى هذه الدراسة أن يوضح الظروف الثقافية و الأدبية لمدينة اربيل فى أعوام الخمسينيات استنادا الى تلك النتاجات المنشورة فى مجلة (هةتاو - الشعاع) و لهذا الغرض قدم فى البداية خلاصة تاريخية حول الوضع السياسى والفكرى لهذه المدينة ، ومن ثم اوضح دور كيوى موكريانى فى ادارة و انضاج جيل جديد من ادباء و كتاب هذه المدينة عن طريق تلك المجلة . وفى الختام أوضح بأختصار و بنماذج محددة فنون الصحافة مثل فن الخبر و المقالة و الدعاية و الزاوية الصحفية الخاصة .

# The Role of the "Hataw" Magazine in the Development of the Kurdish Cultural life in the Fifties in Arbil .

***In his Study, the Researcher Tries to give a true picture of the intellectual and cultural life in the fifties and role of the Geo Mukuryani in preparing the new generation concerning the litrary life at that time .***

***Along with that , the researcher discusses the press arts such as the art of essay ,news , columns ...etc***